# ئەركی وەلی ئەمر بەرامبەر ئافرەت

[ كردي – كوردی – kurdish ]


## شێخ محمد جەمیل زینۆ

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2015 - 1436

IslamHouse.com

# واجب الولي للمرأة

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# ئەركی وەلی ئەمر بەرامبەر ئافرەت

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : « إذا أتاكم من ترضون خُلقه ودينه فزوجوه، إلا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد عريض » [ حديث حسن رواه الترمذي ].

واتا : ئەگەر هەركەسێك هات بۆلاتان وداخوازی ئافرەتێكی لێكردن ولە دین و خو ورەوشتی ڕازی بوون، ئەوە لێی مارە ببڕن، وە گەر نا گرفت وكێشە وخراپەكاری لە زەویدا بڵاو دەبێتەوە .

**یەکەم :** پێویستە بەرپرسی ئافرەت لەخوا بترسێت، وهۆشیار بێت وزۆر باش شارەزای دین و ڕەوشتی ئەو پیاوە بێت كە كیژەكەی دەداتێ، وە زۆر بە چاكی ڕەچاوی ئەو خو ورەوشتانە

بێت كه دهبێت لـه پیاوێكی باش وگونجاودا ههبێت، نابێت كیژ بـه كهسێكی خو ورهوشت خراپ یان دین لاواز بدات .

ههندێك لـه زانایانی پێشینی ئومهتی ئیسلام ووتویانـه : هەركهسێك كیژه باش وخواناسهكهی دا به پیاویكی خراپهكار، ئـهوا با بزانێت رهحی بچڕاندووه .

پیاوێك ووتی به حهسهنی بهصری : كۆمهڵێك كهس داوای كیژهكهیان كردووم، لـه كامیانی ماره ببڕم .

ئـهویش لـهوهڵامدا ووتی: بهوهی بده خواناس ولـهخواترسه، ئـهگهر خوشی وویست رێزی ئـهگرێت، خۆ ئـهگهر خۆشیشی نـهویست زولّم وستـهمی لێ ناكات .

**دووهم** : شیخ الاسلام ابن تیمیة ( رهحمهتی خوای لێ بێت ) ووتویهتی: ئـهگهر هاتوو ئافرهتێك ڕازی بوو كه شوو به پیاوێك بكات، وه ئـهو پیاوه هاوشانی خۆی بوو ( لـهههموو ڕوویهكهوه )، ئـهوا واجبه لـهسهر بهرپرسی ئـهو ئافرهتـه، وهك باوكی، یان برای،

یان مامی، مارەی ببڕێت لەو پیاوە، ئەگەر هاتووو ڕازی نەبوو، یان ڕێگری کرد، ئەوا بەرپرسێکی دوورتری لێی مارە دەبڕێت، یان حاکم و دەسەڵات بەبێ مۆڵەتی بەرپرسی ئافرەتەکە کیژەکە لەو پیاوە مارە دەبڕیت ئەمەش بە کۆی ڕای زانایانی ئیسلام، وەلی وبەرپرسی ئافرەت بەپێی کۆدەنگی زانایان بۆی نیە بە زۆر مارەی ببڕن لە کەسێك کە پێی ڕازی نیە، وە بۆیشی نیە کە ڕێگری شووکردنیشی لێ بکات لە کەسێك کە پێی ڕازیە، ئەگەر هاتوو ئەو پیاوە هاوشانی خۆی بوو لە دین و ڕەوشت و تەواوی شتەکانی تردا.

هەورەها ئافرەتانیان ناچار بەوە دەکرد کە شوو بکەن بەو کەسانەی کە وەلی ئەمرەکانیان بۆیان هەڵبژاردوون، یان ڕوو گیریان دەکردن تاوەکو ڕازی ببن پێی، لە هەمان کاتدا ڕیگریان دەکرد لێیان لەوەی شوو بکەن بەو کەسانەی کە هاوشان وهاوتای خۆیانن، لەبەر بوونی دوژمنایەتی یان هەر هۆکارێکی تر، ئەو کارەی کە خوا و پێغەمبەرەکەی حەرامیان کردووە، و زانایانی

ئیسلامیش هاوڕان لەسەر حەرامیەتی .

خوای گەورە واجبی کردووە لەسەر بەرپرس و وەلی ئەمری ئافرەتان کە سەرنجی بەرژەوەندی ئافرەتەکە بدەن نەك بە هەواو وئارەزووی خۆیان بکەن، چونکە ئەوە ئەمانەتە وخوای گەورە لە بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَنْ تُؤَدُّوا الْأَمَانَاتِ إِلَى أَهْلِهَا وَإِذَا حَكَمْتُمْ بَيْنَ النَّاسِ أَنْ تَحْكُمُوا بِالْعَدْلِ ﴾ [ النساء: ٥٨ ].

واتا: بێگومان خوا فەرمانتان پێدەدات کە هەموو ئەمانەتەکان (سپاردەکان) بگەڕێننەوە دەست خاوەنەکانیان و هەر کاتێکیش داوەریتان کرد لەنێوان خەڵکیدا، دادپەروەرانە فەرمانڕەوایی بکەن، چونکە بەڕاستی خوا بەجوانی و چاکی و تەواوی ئامۆژگاری و فەرمانتان پێدەدات، بەڕاستی خوا هەمیشـــەو بەردەوام بیسەر و بینایە [مجموع الفتاوی ٣٩/٣٢-٥٢ ].

**سێهەم** : دروستە بۆ پیاو کیژەکەی یان خوشکی پێشنیار

بکات بۆ ئەو پیاوەی کە دەزانێت پیاوێکی باش و خواناسە و هاوسەرێکی باش دەبێت بۆ کیژەکەی یان بۆ خوشکەکەی، دەگێڕنەوە کە عومەری کوڕی خەتاب ( خوای لێ ڕازی بێت ) حەفصەی کچی پێشنیار کرد بۆ عوسمان، پاشتریش بۆ ئەبو بەکر، ئەوە بوو دواتر پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) داخوازی حەفصەی کرد و عومەر مارەی بڕی لێی .

**چوارەم :** ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگای داوە کە ئافرەت خۆی پێشنیار بکات بۆ پیاوێکی خواناس و باش کە بیخوازێت، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو ئەو ئافرەتە وەلی ئەمری نەبوو کە بیدات بەشوو، ئەوە بوو خەدیجەی کچی خوەیلید پێش پێغەمبەرایەتی خۆی داوای کرد کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بیخوازێت، دیارە خەدیجەیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) باشترین هاوسەرێك بوو بۆ پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) سەری خست، ودڵدەی دا، وبەماڵ وسامان ونەفسی خۆی یارمەتیدا، ئەم کارەی خەدیجەیش مایەی نەنگی وشەرمەزاریش

نەبوو لای کەس، پێشتریش گەورە و ناودارانی قورەیش چەند جار داوایان لە خەدیجە کردبوو بۆ هاوسەرگیریەتی، بەڵام ڕازی نەبوو، خەدیجە ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەسەردەمی نەفامی عەرەبدا بە ئافرەتێکی پاکژ و داوێن پاك ناوی دەرکرد بوو ..

هەزران ڕەحمەت لە خواناسان و زاهیدانی ئەم ئومەتە لە پیاوان وئافرەتان.

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سەرچاوە : پەرتووکی : تكريم الاسلام للمرأة

نوسینی : شێخ محمد جمیل زینۆ